# ئەگەر یەکێک لە ئێوە سوور بێت لەسەر ئەوەی سوێندەکەی جێبەجێ بکات کە بەهۆیەوە خێزانەکەی زیانیان پێدەگات، ئەمە تاوانێکی گەورەترە لای خوای گەورە، لەوەی ئەگەر سوێندەکەی بشکێنێت وکەفارەتەکەی بدات لەکاتێکدا خوای گەورە (کەفارەتەکەی) لەسەر فەرز کردووە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێک لە ئێوە سوور بێت لەسەر ئەوەی سوێندەکەی جێبەجێ بکات کە بەهۆیەوە خێزانەکەی زیانیان پێدەگات، ئەمە تاوانێکی گەورەترە لای خوای گەورە، لەوەی ئەگەر سوێندەکەی بشکێنێت وکەفارەتەکەی بدات لەکاتێکدا خوای گەورە (کەفارەتەکەی) لەسەر فەرز کردووە».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

واتای فەرموودەکە: کاتێک مسوڵمان سوێندێک دەخوات سەبارەت بە خێزانەکەی وتووشی زیان بن ئەگەر سوێندەکە نەشکێنێت، ولە پەشیمان بوونە لە سوێندەکە هیچ سەرپێچیەکی فەرمانی خوای گەورەی تێدا نەبێت، ولە پاش ئەمە هەر بەردەوام بێت لەسەر سوێندەکەی؛ ئەوا ئەمە گوناهێکی گەورەترە لە کەفارەتدان وگەڕانەوە لە سوێندەکە، چونکە پێویستە لەسەری کەفارەت -كفارة اليمين- بدات کە خوای گەورە لەسەری فەرز کردووە وبەردەوام نەبێت لەسەر سوێندەکەی، ئەگەر شکاندنی سوێندەکەی هیچ تاوانێکی تێدا نەبێت، بەڵکو بەردەوام بوونی لەسەر سوێندەکەی گوناهێکی گەورەیە، چونکە زیانی هەیە بۆ سەر خێزان، وخوای گەورە لەم بابەتەدا ئاسانکاری کردووە بۆ بەندەکان لە شەریعەتەکەیدا، ولە فەرموودەیەکدا هاتووە لە (البخاري) و (مسلم)دا: ((إذا حلفت على يمين فرأيت غيرها خيراً منها، فأت الذي هو خير، وكفر عن يمينك) واتە: (ئەگەر سوێندی ڕاستت خوارد وبینیت جگە لە سوێندەکە باشترە جێبەجێ بکرێت، ئەوە ئەنجامبدە کە خێرترە، وکەفارەتی سوێندەکەت بدە).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8963

النجـاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee